# دینارێک خەرجت کردبێت لە پێناو خوای گەورە، ودینار خەرجت کردبێت بۆ ئازاد کردنی بەندەیەک، ودینارێک وەکو خێر ببەخشیت بە هەژارێک، ودینارێک خەرجت کردبێت لەسەر خاوخێزانت، وگەورەترینیان لە پاداشتدا ئەوەیان خەرجی دەکەیت لەسەر خاوخێزانت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دینارێک خەرجت کردبێت لە پێناو خوای گەورە، ودینار خەرجت کردبێت بۆ ئازاد کردنی بەندەیەک، ودینارێک وەکو خێر ببەخشیت بە هەژارێک، ودینارێک خەرجت کردبێت لەسەر خاوخێزانت، وگەورەترینیان لە پاداشتدا ئەوەیان خەرجی دەکەیت لەسەر خاوخێزانت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە جۆرەکانی بەخشین وخێرکردن زۆرن، لەوانەش: بەخشین بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە، وبەخشین بۆ ئازادکردنی گەردنی بەندەکان (کۆیلەکان)، وبەخشین بە هەژار وکەمدەرامەتەکان، وبەخشین وخەرجکردن لەسەر خاوخێزان ومنداڵ وکەسی نزیک، بەڵام باشترینیان خەرجکردنە لەسەر خاوخێزان چونکە خەرجکردن لەسەر خاوخێزان واجبە، بۆیە پاداشتی بەخشینی واجب گەورەترە لە پاداشتی بەخشینی سونەت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee